# چەمکی چارە سەری کێشە کان

★**چەمکی چارە سەری کێشە کان**

**کۆمەلە کردارێکە کە تاك پیێ ی هەڵدەستیێ ئەویش بەبەکارهێنانی ئەو زانست و زانیاریانەی کە پێشتر فێریان بووە ، وە ئەو کارامەیانە ی کە وەری گرتووەو بۆ زالێ بوون بە سەرهەڵوێستێك کە نادیارەو بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی بکات وبگاتە چارە سەرێك بۆی بە شێوەیەکی نویێ .**

**-:**

مرۆڤەکان هەر لەسەرەتایی ژیانەوە رووبەرووی کێشەی جۆراو جۆر بونەتەوەوە پێویست بووە کاربکەن بۆ دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆی.

زۆر کەمە گەررۆژێك مرۆڤەکان روبەرووی کێشە نەبنەوە ، بەلاٌم کێشە کانیش بە پیٚ ی ئاسانی وگرانی و سادەیی و ئالۆزییە وەکو چۆن مرۆڤەکان جیاوازن لە ئامادە باشی زانستی و خبرەی ئیستایان وکارامە ییان ،وە لێرەدا بۆمان دەردەکەویٚت کە چارەسەری کێشە بە هایەکی یەکسانی نییە بۆ هەموو کێشە یە ك و مرۆڤێك .بەلکو کارامەیەکی دیاری کراو گرنگی یەکی گەورەی هەیە بۆ کێشە یەکی دیاری کراو لەوانەیە هەمان کارامە کەمتر گرنگی هەبیٚ بۆ کێشەیەکی تر .

## . بۆچی گرنگی بە چارەسەری کێشەکان دەدەین؟

فێرکردنی قوتابی لەسەر شێوازو کارامەیی چارەسەری کێشەکان یارمەتییان دەدات بۆبیرکردنەوەو کارامەیی عەقلی تر ، چونکە چارەسەری کێشەکان رۆڵێکی گرنگ دەبینێ لە کردارەکانی گەشەی مەعریفی لەلای تاك . بۆیە ئامانجی سەرەکی پەروەردەو فێرکردن گەشەپێدانی تواناکانی فێرکارە بۆ ئەوەی خۆیان چارەسەری کێشەکانی خۆیان بکەن وتاکو بتوانن لە

داهاتووشدا چارەسەری کێشەکانی خۆیان بکەن. چونکە وەرگرتنی چارەسەری کێشەکان لەلای فێرکار وادەکات کە زیاتر باوەڕی بە خۆی بێت کە پێویستی پێ ی دەبێت بۆ جێ بە جێ کردنی گەشەی باش.

.

وە گەشەپێدانی پەیوەندییە کانی لە گەڵ دەورووبەری وهەست کردن بە بەرپرسیارەتی وە توانا لەسەر بڕیاردان.لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کەکارامەیی چارەسەری کێشەکان کارامەیی یەکی سەرەکییە یۆ کارلێکردن و تەواوکاری بنیادنانی لایەنی مە عریفی

.....

بۆیە ئامانجی سەرەکی پەروەردەو فێرکردن گەشەپێدانی تواناکانی فێرکارە بۆ ئەوەی خۆیان چارەسەری کێشەکانی خۆیان بکەن وتاکو بتوانن........................

پ/ تۆ وەکو کارکردنت لە پسپۆریەکەت چی دەکەیت بۆ ئەمەی پێشوتر؟؟؟؟

**پێناسەکانی چارەسەری کێشەکان:-**

جون دیوی:Dewy

**کیشە حالەتێکی گومان و ڕاڕایی ودوودڵییە پێویستی بە کارو توێژینەوە هەیە بۆ رزگاربوون لەم حالەتە وگورینی بۆ حالەتێکی و ئارام و رازی بوون .**

هاریسHarris

**کێشە بریتییە لە جیاوازی نێوان باری ئیستا و ئامانجەکانت ، وە کێشە بە دیاردەکەوێت لە دەرە نجامی حالەتی بیرکردنەوەو زانیاری نوێ**

(ارمرود Oramrod)

کێشه  بريتييه له موقفيێك كه پێويستی به چارەسه ركردن و ئامادەكاری هەيه  بۆی ، وە  روبەرووی تاك دەبێتەوە پێويسته بڕياری له سەر بدات و يان پيلانيێكی بۆ دابڕێژێت.

عتوم

كێشه  بريتييه له موقفيێك كه بەربەست دروست دەكات له بەردەم تاكدا وە دەبێته ڕێگر له جێ بەجێ كردنی ئامانجەكانی وەهۆكارێك دەبێت بۆ نەبوونی هاوسەنگی

# ڕێنمای چارەسەری کێشەکان

١. کردارێکە ئامانجی یارمەتی دانی رێبەرکراو بۆ رزگاربوون لەو بەربەستانەی توشی بووە  وە پێویستی بە ماندبوون هەیە بۆئەوەی تاکە کە بگات بە چارەسەرو بگەرێتەوە باری سەقامگیری یەکەی (الاستقرار)

کارامەیی چارەسەری کێشە کاتێك دەبێت کە کێشە هەبێت و پێویستی بە چارەسەر بێت ،بۆیە رابەر (المرشد) هەڵدەستێت لەگەل رێبەر کراو (المسترشد) بە هەندێ رێ و شوێن بە ئامانجی گەیشتن بە چارەسەری کێشە کان .

# جۆرەکانی کێشە

ئەو کێشانەی کەرۆژانە رووبەرومان دەبنەوە چەند جۆرێکن ئەوانیش پۆلێین دەکرین بەم شێوەیە :-

١- بەستنەوەی کێشەکە بە مرۆڤەوە : کە کێشە گشتییە کان و کێشە تایبەتییەکان و کێشە راستەوخۆ وناراستەوخۆ کان دەگرێتەوە .

٢- سروشتی کێشەکە : لەوانەیە کێشەکان سادەو روون بن یان ئاڵۆزبن یاخود خاوەنی سروشتی پەروەردەیی و ئابوریو تەندروستی
بن .


٣- سەرچاوەی کێشەکە : کێشەکان لە سەرچاوەی کۆمەڵایەتی و خێزانی و کۆمەڵگا و خوێندن ....هتد دروست .دەبن .

# پۆلێن کردنی کێشەکان

١-جۆری یەکەم : تاکەکان وا ئەروانننە کێشەکان کە هیچ شتێك نییە وکێشەش بوونی نییە ئەمەش سوکایەتی بە کێشە دەکات و گوێی ی ناداتێ و هئەمەش دووروییە لەگەل خۆیی و کۆمەڵگاکەی ودەوروبەری ئەمەش وادەکات کە کێشەکان زیاتر پەرە بسێنێت .

-جۆری دووەم : هەندێکیان دەیانەوێت کێشەکان زیاتر گەورە بێت و پەرە بسێنێت هەر چەندە سادە بێت یان ئاڵۆزبێت وای بۆدەچن کە کێشەکە چارە سەری نییە و ئەستەمە چارەسەر بکرێت.

٣. جۆری سێیەم :کێشەکە لەبەردەم تاکدا روون دەکاتەوە وە هەول دەدات چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە وەدروشمەکەی
( هەمووکێشەیەك چارەسەر ی هەیە )



گرفتەکانی تاك
بەرچاورروونی بۆ کیشەکە
گەورەکردنی کیشەکە
چاوپۆشی لێکردنی
هەموو کیشەکان چارەسەریان هەیە
هیچ چارەسەری نی یە
کەڵەکە بوونی کیشەکان

# کێشەی هەڵاتن لە قوتابخانە


**کێشەی هەڵاتن لە قوتابخانە:**

**هەلاتن لە قوتابخانە حاڵەتێکە کە ئەو منالانە دەگرێتەوە لەتەمەنی ٦-١٧ ساڵین واتە تەمەنی قوتابخانە کە نەهاتن بەبێ پاساوی یاسایی یان رەزامەندی دایك و باوك یان بەرپرسیارەتی قوتابخانە دەبێت٠**



وە کەسی هەڵاتوو ناگەڕێتەوە بۆماڵەوە تاکاتی چوونەوەی ڕۆژانەی خۆی لە قوتابخانە دا بەم شێوەیە دایك و باوك تێبینی ئەمە ناکەن کە هەڵاتووە. وە ئەگەر ئەوە دووبارە بووەوە بۆ چەند ڕۆژێك  لە مانگێکدا ئوا کێشەیەکی مەترسیدارە.





هۆكارەكانی هەڵاتن لە قوتابخانە
مامۆستا
قوتابی
قوتابخانە
خێزان

: هۆكاری خێزانی : دایك وباوك سەرچاوەی یەكەمی ئەو كێشەیەن :

١) كاتێ دایك و باوك منالّەكانیان بەلاوە دەنێن و گرنگیان پێ نادەن .وە بە دوا داچوونیان بۆ ناكەن سەرپەرشتی یەكی گونجاویان ناكەن.

٢) شێوازە هەلّەكانی بەكارهاتوو لەلایەن دایك و باوك لە پەروەردە كردن وەكو بێ بەش بوونی ماددی و مەعنەوی و توندو تیژی وە ئاسانكاری زیاد لە پێویست بۆ منالّ یان جیاوازی كردن لە نێوان منالّان دا.

٣) گەورەی قەبارەی خێزان و زۆری ژمارەی خوشك و برا وە بارودۆخی خراپ مالّەوە یان تەلاّق و جیابوونەوەی دایك و باوك یان مردنی یەكێكیان كە كاریگەری نەرێنی لەسەر منالّ دروست دەكات.





٤) پەرتوازەی و پەرت و بلاوی خێزان لەبەر هۆکاری........

٥) نزمی ئاستی رۆشنبیری دایك و باوك وادەکات گرنگی بە ئەدائی قوتابخانەی منالەکە نەدرێت کە ئەمەش وا دەکات منالەکە گرنگی بە ئەرکەکانی قوتابخانەی نەدات.

لاوازی باری ئابووری ژیانی خێزان کە وا دەکات نەتوانن پێداویستیەکان بۆ منالەکان دابین بکەن , بۆیە هەلدێت لە قوتابخانە بۆ ئەوەی هەندێ لەو پێداویستیانەی دەست کەوێت



٢) شوێنی قوتابخانە: لەرووی شوێن و سیفاتی قوتابی و خێزانەکان , وەکو هەندێ لەقوتابخانە لە شوێنە جەنجاڵی و ژمارەیەکی زۆری خێزانی هەژاری تێدایە کە شێوازی توند لە مالمەڵەکردن بەکاردێنن بۆ پەروەردەی منداڵەکانیان یان بە پێچەوانەوە بۆیە ناتوانرێت لە قوتابخانە لە کەشێکی گونجاودا بن .



٣) تایبەتمەندی فیزیکی قوتابخانە: وەکو دیزاینی قوتابخانە کاریکەری زۆری لەسەر رەفتاری قوتابی دەبێت یان بوونی ساردی و گەرمی پێویست .
4) پرۆگرامی خوێندن کە لەگەڵ توانای قوتابی بگونجێت وە بوونی پێداویستی یەکانی پرۆگرام .







.

٥) هەندێ لە بەڕێوەبەر و دەستەی بەڕێوەبردن گرنگی بە نەهاتنی قوتابیان نادەن وە یاسا و ڕێنمایەکان جێ بەجێ ناکەن بەرامبەر نەهاتووەکان.

٦) نەبوونی پەیوەندی لە نێوان قوتابخانە و کەس و کاری قوتابی.



سێ یەم : سیفاتی و کەسایەتی مامۆستا : کەم توانایی مامۆستا لو زانیاریەکان و شارەزایەکانی , وە گرنگی نەدان بە جیاوازی تاکیەتی لەنێوان قوتابیان کە هەندێ لە قوتابیان بەلاوە دەنێت و گرنگی پێ نادات وە هەندێ لەمامۆستا سزای جەستیی تووند بەکاردەهێنێت بەرامبەر قوتابی یان سزای دەروونی وەکو......

وەیان هەندێ مامۆستا شێوازی نوێ بەکارناهێنن بۆ وانە ووتنەوە وە یلان ئەرکی زیاتر لە توانای قوتابی ئەدات بە قوتابی.







## چوارەم: سیفات و کەسایەتی قوتابی :

١) پەرت و بلاّوی  بە ئاگایی بوونی  : قوتابی فەشەل دەهێنێت لە سەرنجدانی بۆ شەرحی مامۆستا لەناو پۆل دا کاتێك بیرکردنەوەی سەرقالّ بێت بە چالاکی تر لەدەرەوەی پۆل.



٢) باری دەروونی : قوتابی هەست بە دڵراوکێ و ترس و نەبوونی دڵنیایی دەکات کاتێك لە ژێرپاڵەپەستۆی خێزانی بێت یان رووبەرووی سزاو هەرەشە کردن بێتەوە. قوتابی هەست بەلاوازی خود دەکات بەهۆکاری لۆمەکردن و گاڵتەپێکردن لەلایەن کەسانی نزیکی یان مامۆستا یان خێزانەکەی.





٣) نالاندنی قوتابی لەهەندێ نەخۆشی جەستەیی و کەم و کوری , ئەمە وادەکات هەست بەکەمی بکات.
٤) منالێ هەڵدێت لە قوتابخانە بەهۆکاری زۆری توندوتیژی قوتابیان لەگەڵ یەکتری بەبێ ئەوەی قوتابخانە پارێزگاری لە لاوازەکان بکات .



.

.

٥) بوونی هاورێ کە هەڵاتن بکات لە قوتابخانە ئەوانە هانی قوتابیانی تر دەدەن کە ئەمە بکەن

.

٦) لاوازی پاڵنەری فێربوون لای قوتابی.





هەندێ هۆكاری تر هەیە وەكو :
هەستی كردن بە ئازادی قوتابی وەكو زیندان دێتە پێش چاوی بۆیە تێیدا هەست بە ئازادی ناكات هەڵدێت لە قوتابخانە بۆ ئەوەی هەست بە ئازادی خۆی بكات قوتابی لە قوتابخانە هەست بە بێزاری دەكات هەڵدێت لە قوتابخانە چونكە لەدەرەوەی قوتابخانە,پارك, سینەما و هۆڵی بلیارد و ........... هەیە.

- سوپاس بۆ گوێگرتن و ئامادەبوونتان

وە سوپاس بۆ گفتۆ گۆیەکانتان